www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 6-11-2005 18:40

## كاك مستەفا جەوانگەرایی یا دەرویش گەرایی؟؟ ... رێبوار

ساڵێك بە سەر كۆنگرەی 13ی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران تێدەپەڕی، ، ساڵێك زەبر و زەنگ، ساڵێك بی حورمەتی و سووكایەتی كردن بە ئەندامانی كۆنی حیزب وتەنانەت دەركردنی پێشمەرگەكانی حیزب لە بەر ئیعتراز كردن بە ئەو وەزعەی وا باندبازەگان سازیان كردووە.

باسی ئاڵو گۆڕیش دەكری نازانم ئاڵو گۆڕ لە لای بەرێز كاك مستەفا یانی چی؟ بۆ ماوەی 4 مانگ كاك خالید عزیزی لە ئامریكا نوێنەری حیزب بوو و كۆمیتەی ناوەندیش بوو بەڵام بە هەر فیڵ و كەڵەكەێك بوو لایان بردوو كەسێكیان لە شوێنی وی داناوە كە هێشتا نادیارە كورد یان عەجەم.

لە ناو حیزبیش بە قەولی خۆیان چییان گەرەك بی دەیكەن لایەنگرانی بەرێز ماموستا هەمووی بێكار و سووكایەتیان پی دەكری ئێستا لە ناو حیزبی دیموكڕات سووكایەتیی كردن دەبێتە هۆی ئەوەی رێزت لی بگرن هەر بۆیە لایەنگرانی مستەفا هیجری دەستیان داوەتە بی حورمەتی كردن بە ئەندامانی كۆنی حیزبەكەمان. ماوەیەك لەمەوپێش لە كۆبوونەوەیەك موشاوێریكی كاك مستەفا كە تا دوێنی جاشی موفتی زادە بوو بە خەڵكی دەڵی سەگ و كاك مستەفاش دەكا بە دەریا. دەریایەكی باشتان هەیە كابرای موشاوێر!! بۆ خۆت رابردووی باشت هەیە بۆیە ئەو كابرایە دەكەی بە دەریا.

پلنۆمی 6ی پاش كوتگرە نەحسەكەیان كە كۆتایی پی هات ئەندامێكی سەرلێ شێواوی دەفتەر سیاسی بە قەولی خۆیان گوزارشی سەركەوتووانەی پلنۆمی پێشكەش كرد هێندە فێڵ و كەڵەكەیان خۆش دەوی كە ئەندامێكی كۆن وەكو كاك جەلیل گادانی بانگ دەكەن بۆ پلنۆم بە ناوی رێز لی گرتن بەڵام باندبازەكان لەوی كاك جەلیل موحاكمە دەكەن بە تاوانی نووسینی مێژووی حیزبی دیموكرات. نازانم بۆ لە پاش كۆنگرەی 13 تەنانەت مێژوو نووسینیش لە حیزب دا قەدەغە كراوە.

باندبازەكان بە ناو پاراستنی حورمەتی دوكتور قاسملووەكەیان بیحورمەتی و سووكایەتی بە كاك جەلیل دەكەن پلنۆم بە گشتی كاك جەلیل مەحكووم دەكەن كە دەبی لە جڵدی 2ی كتێبەكەی دا بلێ كە ئەو كتێبە مێژووی حیزبی دیموكرات نیە. ئەمیش یەكیك دیكە لە بەرهەمەكانی كۆنگرەی 13یە وا بەو پەڕی بی حورمەتییە وە ئەندامێكی كۆنی حیزب نابی باسی رابردووی حیزبەكەی بكا!!! لەم ئاڵ و گۆر و جەوانگەراییە.

هەر لەو كۆبوونەوەی پێشكەش كردنی گوزارشی پلنۆمی6 پێشمەرگەیەكی كاك مستەفا كە بۆ ماوەیەكی نیگابان و نەوكەری كاك مستەفا بووە و هەر بە بریاری كاك مستەفا كاریان لە چاپەمەنیی بۆی دیاری كراوە هێرش دەكاتە سەر كاك جەلیل و دەڵی نە كتێبەكەی مێژووە و نە كاك جەلیل بۆ خۆە مێژوو نووسە و ئەم بی حورمەتییە هەر بە وی كۆتایی پی نایا پیشنەهاد بۆ كاك جەلیل دەكات كە لە جڵدی 2ی كتێبەكەی باسی ژیان و خەباتی

خۆی و دوکتور قاسملو بکات با خەلکی کوردستان قزاوەت لە سەر کاك جلیل و قاسملو بکەن. و بە کاك جلیل دەڵی"کاك جەلیل قودرەتی لێکدانەوەی دووست و دوەژمنی نیە" ئەمانە قسەی پێشمەرگەیەکە کە هێشتا نازانی کوردی جوان قسان بکا و لە کاتی قسە کردن دا دەڵی عەجەمە. ئەمەانە قسەی خۆی نیە بەڵکۆ قسەی ئەو موشاویرە بی عەقلەیانە کە بۆ خۆی لێرە نیە و ئەرکەکانی بە ئەم شیرە خۆرە سپردووە. چوون بەو شێوە کە من بە قەولی بەرێز کاك جەلیل ئەم شیرە خۆرە بناسم ناتوانی هیچ بریارێك بۆ خۆی بدا و هەموو شتێك لە سلیمانی بۆ وی دیاری دەکری.

کاتێك کاك جەلیل خەباتی نهێنی دەکرد تو لە کوی بوی شیرە خۆر وا ئێستا بە ئەندامێکی کۆنی حیزبەکەمان سووکایەتی دەکەی. ئەگەر دەتهەوی لە حیزب دا درێژە بە پێشمەرگایەتی خۆت بدەی بۆ خۆت بە نە بەر قسەی کەسانی دیکە هەڵس و کەوت بکە دەزانم دوو موشاوێر هەن خەت بۆ تو دیاری دەکەن ئەگەر وا نیە دەتوانی وەڵامی من بدەیتەوە. چوون هەموو شتێ خۆت مەدیوونی ئەوان دەزانی.

بەڵی ئەمە وەزعی حیزبی دیموکراتە کەسانێکی وەها سووکایەتی بە رێبەرانی پێشووی حیزب دەکەن. ئەمە جەوانگەرایی و ئاڵ و گۆری کاك مستەفا هیجری بوو. بەڵام بەس ئەوەت پی دەڵێم ئەمە جەوانگەرایی نیە بەڵکۆ دەرویش گەرایی و پێشمەرگە دەرویش بارهێنانە. لە ئاخردا دەڵێم تا کاتێك موشاورێکی بی عەقلی وامان هەبێت و شیرە خورێکی وەها سووکایەتی بە ئەندامانی کۆنی حیزب دا بکەن دەبی چاوەروانی ئەوە بین کە وەزعی حیزب خرابتر بێت بە راتسی جێگای داخە کە لە هەل و مەرجێکی وەها بەرێوەبەری حیزب لە دەس تاقمێکی باندبازە.

بە هیوای سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان